# سەلام عەبدوڵا هەر هاوار ئەکات

کاتێك دێمە سەر ماڵپەرە کوردێکان نوسینەکانی سەلام عەبدوڵا ئەبینم پێش ئەوەی بیخوێنمەوە ئەلێم تۆ بلێی سەلام ئەم جارەش هاواری یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە بێ شەرعێتەکەی کوردستان نەکات؟ وە لەزۆر شۆێن هەوڵی داوە فرمێسکیان بۆ برێژێت ئەلێت ئەم دوو دەسەڵاتە بۆ یەك ناگرن؟

بۆ کاك سەلام لەکاتی یەکگرتنەوەیان ئەوکاتە لەژێر دەسەلاتی ناموبارەکیان سۆسیالیزم بەرەو پێشەوە ئەروات؟؟؟؟ بۆ چیتر ژنان سوکایەتیان پێ ناکرێت؟؟؟ یاسایەکی یەکسانیان بۆ دابین ئەکرێت؟؟ وەچیتر منا لان لەسەر شەقەمەکان عەلاگە نافرۆشن ؟ یان لەو خەیالەیت منالان بەرەو قوتابخانەکان ئەکەونە رێ؟؟وە پێت وایە چیتر مزگەوت دروست ناکەن ؟؟ لەجیاتی مزگەوت قوتابخانەو باخچەی منالان دروست ئەکەن؟؟؟ئای هاورێ سەلام ئەبێت مەبەستت چی بێت لەم هاتو هاوارە ؟؟؟ باشە ئەمانە لەکاتی یەکگرتنەوەیان چیان کرد بۆ خەلکی کوردستان ؟؟ ئەتوانم بلێم زۆر خراپتر بوون لەکاتی خۆی. کەئەو دوو دەسەلاتە یەکیان گرتبوو وەئەگەر یەکش بگرنەوە .زۆر خراپتر ئەبن بەرامبەر بە خەلکی ئازادی خواز ویەکسانی خواز بۆیە ئیتر هیوادارم کاك سەلام واز لەم یەکگرتنەوەیە بێنێت.

حەمە رەشید